عومێری: سیستەمی دیموکراسی لە عێراق پێویستی بە بنیاتنانی دامەزراوە دەستوریەکانە

سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی، دادوەر جاسم محەمەد عەبود عومێری، دووپاتیکردەوە کە سیستەمی دیموکراسی لە عێراق پێویستی بە بنیاتنانی دامەزراوە دەستوورییەکان و سیستەمێکی دروستی هەبژاردن هەیە.

راگەیاندنی دادگای باڵای فیدراڵی لەراگەیەندراوەکدا باویکردەوە" سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی، دادوەر جاسم محەمەد عەبود، لە بارەگاکەی لە دادگای باڵای فیدراڵی لە بەغدا پێشوازی لە ماوریسیە کریکانتی باڵیۆزی ئیتاڵیا لە بەغدا و شاندی یاوەری کرد.

لە میانی دیدارەکەدا باسیان لە پەرەپەدانی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی دەست و بەرزکردنەوەی هاوکاریی هاوبەش لە هەموو بوارەکاندا و پێویستی پێوەندی و کەبوونەوەی بەردەوام بە ئاوگەی یاسایی و شارەزایی لە بواری دادوەری دەستووری کرد بەهەی گرنگییەکەی لە پاڵپشتیکردنی پرۆسەی دیموکراسی بە گەیشتن بە سەروەری یاسا و دەستوور، و دادگای باڵای فیدراڵی لە بەغدا ئاسەی پێوەندی لەگەڵ هاوتاکانی لە جیهانی عەرەبی و نەودەوڵەتیدا کردوتەوە بەمەبەستی سوود وەرگرتن لەە ئەزموونی وڵاتان لەم بوارەدا بە پشتیوانیکردن لە پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی لە عێراقدا.

ئاماژەی بەوەشکرد" ئەو بەیارانەی لەدادگای باڵای فیدراڵی دەرچووە سەبارەت بە مووچەی فەرمانبەران

و خانەنشینان و سەرجەم فەرمانبەرانی دەزگاکانی دەوڵەت لە هەرەم تاوتوێ کران.

عومەیری ڕوونکردەوە کەدەستووری کەماری عێراقی ساڵی 2005 بنەما سەرەتاییەکانی ماف و ئازادییەکانی بە گەلی عێراق دەستەبەرکردووە کە دەبنە هۆی پیادەکردنی خاڵەکانی ئەو ماف و ئازادییانە، گرنگترینی ئەو بناغانەش ئەوەیە یەکسانی لەسەر بنەمای بڕگەکانی مادەی (١٤)ی، گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات لەسەر بنەمای بڕگەکانی مادەی (٦)ی دەستوور، و یەکسانی و دەرفەتەکان لەسەر بنەمای بڕگەکانی مادەی (١٦) و ئازادی دامەزراندنی و پێوەست بوون بە پارتە سیاسییەکان لەسەر بنەمای بڕگەکانی مادەی (٣٩)ی دەستوور، ئاماژە بەوەشی کرد کە سیستەمی دیموکراسی لە عێراق پێویستی بە بنیاتنانی دامەزراوە دەستوورییەکان و سیستەمێکی دروستی هەڵبژاردن هەیە، لەوانەش بوونی یاسایەکی دادپەروەرانەی هەڵبژاردن و کۆمیسیۆنێکی سەربەخۆی هەڵبژاردن، لەگەڵ پێویستی بە لەبەرچاوگرتنی بڕگەکانی مادەی (١١٠)ی دەستوور سەبارەت بە دەسەڵاتە تایبەتەکانی دەسەڵاتە فیدراڵییەکان و مادەی (١١٧)ی دەستوور سەبارەت بە پەسەندکردنی دەستووری کەماری عێراق لەگەڵ چوونە بواری جێبەجێکردنی لەهەرەمی کوردستان و دەسەڵاتە هەبووەکانی وەک هەرەمێکی فیدراڵی.